# مۆدێرنێته

نووسینی:ژان بودریار

وەرگێرانی لەفارسیەوە: سەعید ئەمانی



ژان بودریار

مۆدێرنێته نەچەمکێکی کۆمەڵناسیە، نەچەمکێکی سیاسی ونەچەمکێکی دەقیقەن مێژوویيە. مۆدێرنێته پێناسەو (ناسنامەی تەمەدونە، پێناسەو ناسنامەیەك کەدەست دەداتە بەربەرەکانی سوننەت، واتە بەربەرەکانێ لەگەڵ گشت فەرهەنگەکانی سوننەتی، یان پێش خۆی مۆدێرنێته لەبەرانبەردا لەگەڵ هەمەجۆری جوغرافیایی وفەرهەنگی سوننەتی‌دا، خۆی لەسەرتاسەری دنیادا، وەك وەحدەتێکی هەمەلایەنە دەسەپێنێ، تروسکەدار لەلای رۆژئاواوە. لەگەڵ ئەو هەموو چەمکە ئاڵۆزەدا دەمێنێتەوە کەلەلایەنی جیهانییەوە، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەرخەری هەموو چەشنە گەشەو ئاڵ وگۆڕێکە لەشێوەی ئەندێشەدا.

مۆدێرنێته، وەك مەلحەمەیەکی ئاڵۆز لەئوستوورەو ڕاستەقینە، لەهەر بوارێکدا مانای تایبەتی خۆی دەگەیەنێ: دەوڵەتی تازە، تێکنیکی نوێ، مۆسیقای مۆدێرن، وێنەگەری نوێ، هەرکامەیان وەك سیاسی مەقولەیەکی گشتی و زەرورەتێکی فەرهەنگی سەرهەڵدەدەن. مۆدێرنێته کەخۆی سەمەرەی هێندێك جموجوڵی قوڵ لەتەشکیلاتی ئابوری وکۆمەڵایەتی دایە، لەئاستی ئاداب، شێوەی ژیان وهەڵسوکەوتی رۆژانەدا هەست پێدەکرێ وتائەو جێگایە دەچێتە پێشەوە کەدەکرێ بڵێین کاریکاتۆرێك لەخۆیەتی. مۆدێرنێته بەردەوام لەڕوانگەی شکڵ، ناوەڕۆك، لەزەمان ومەکاندا لەحاڵی ئاڵوگۆڕی ماهیەتی دایە، وەك ئوستورە، تەنیا وەك نیزامێك لەئەرزش وبایخەکان راوەستاوەو گەڕانەوەی لەزاتدا نیە.

لەبەرئەوەی مۆدێرنێته چەمکێکی تەحلیلی نییە، یاسایەکیشی بۆلەئارادا نییە. تەنیا دەتوانرێ خەسڵەتگەلێکی بۆلەبەرچاوبگیرێ. هیچ تیئوریەکی تایبەتیشی بۆدیاری نەکراوە، تەنیا مەنتیقێك لەمۆدێرنێته لەزەیندایەو هەروەها ئیدئولۆژییەك پەیوەندیدار بەو مۆدێرنێته وەك ئەخلاق، دەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ ئەخلاق وخوورەوشتی یاسامەندی سوننەت. لەگەڵ گشت ئەمانەدا خۆشی بەتوندی سەبارەت بەگۆڕانە بنەڕەتیەکان بەپارێزونیگەرانە. لەڕاستی‌دا مۆدێرنێته(سوننەتی نوێ)یە (بەوتەی هارولد رزنبرگ)، هەرچەند لەگەڵ قەیرانە مێژوویی وپێکهاتەییەکاندا پەیوەندی هەیە، لەڕاستی‌دا تەنیا نیشانەیەك لەو نەخۆشینەیە، قەیرانەکان لێکناداتەوە، بەشێوەیەکی نارۆشن دەردەبڕێ: لەحاڵی ڕاکردنی بەردەوام لەدەست قەیران. لەڕاستی‌دا مۆدێرنێته بەشێوەی هێزێکی ئاڕمان پەروەرو ئیدئولۆژییەکی بنەڕەتی، لەگەڵ بەئەوج گەیاندنی دژایەتیە مێژووییەکان وکردنیان بەدیاردەی تەمەدون، دەجوڵێتەوە، قەیران دەکاتە شتێکی بایەخدار، ئەخلاقێکی ناکۆکی دار. بەم چەشنە مۆدێرنێته، وەك دیاردەیەك کەتەمەدون بەگشتی خۆی تێدا دەبینێتەوە، کردەوەیەکی فەرهەنگی حیساب بۆکراو ئەستۆ دەگرێ وبەدزیەوە دەست دەخاتە نێو دەستی سوننەتەوە.

## سەرهەڵدانی مۆدێرنێته

سیفەتی((مۆدێرن)) مێژوویەکی درێژتری لەواژەی مۆدێرنێته هەیە.

لەهەربوارێکی فەرهەنگی‌دا، (کۆن) و(نوێ) کەڵکیان لێوەرگیراوەو مانایان بەدەست هێناوە، بەڵام مۆدێرنێتەیەکی دنیاگر بوونی نییە، بەوتەیەکی تر پێکهاتەیەکی مێژوویی وکێشەدار بۆگۆڕان وقەیران لەئارادانییە. وەها پێکهاتە گەلێك تەنیا لەئەوروپای دوای سەدەی شانزەدا دەتوانین بدۆزینەوەو تەنیا لەسەدەی نۆزدەدا دەتوانین مانایەکی تەواو وکامڵی بۆقایل بین.

## ڕێنیسانس

لەکتێبە دەرسیەکانی قوتابخانەی(سەردەمی نوێدا) دوابەدوای سەدەکانی ناوەڕاستدا دێ، واتە لەرێکەوتی دۆزینەوەی ئەمریکا لەلایەن کریستۆفەر کۆڵۆمبس (١٤٩٣) بەم لاوە. داهێنانی چاپ ودۆزینەوەکانی گالیلە ئینسانگەرایی مۆدێرن دەست پێدەکەن. لەبواری هونەردا، بەتایبەت ئەدەبیات، کێشمە کێش لەنێوان (کۆنەخوازا) و(نوێخوازاندا) لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا پەرەدەستێنێ وهەڵدەچێ. دەنگدانەوەی قوڵی دووبەرەکی نانەوەی مۆدێرنێته لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئاینیشدا بەگوێ دەگا: ڕفۆرماسیونی (لۆتر لە٣١ی ئۆکتۆبری ١٥١٧، ویتنبرگ نەوەدوپێنج تێزی خۆی لەدژایەتی لەگەڵ لێخۆشبوونی دوای تۆبە دێنێتە گۆڕێ) وپچڕانی پەیوەندییەکی کەبەدوای ئەودا لەگەڵ وڵاتانی پرۆتستان پێکدێت، هەروەها ئاسەوارێکی کەلەدنیای کاتۆلێکدا لێی دەکەوێتە، کڵیسای

کاتۆلیک لەناوەڕاستی سەدەی شازدەی میلادیدا دەستدەداتە ئیسلامی خۆی، بەتوندی خەریکی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەسیحی، مۆدێرن وگونجاو لەگەڵ ڕووداوەکانی جیهان دایە.



گۆتە

ڕەنگە هەرئەمە خۆی ئەوە بگەیەنێ کەبۆچی واژەی مۆدێرنێتە زۆرترو بەشێوەی باوتر لەوڵاتانی خاوەن سوننەت وئاداب ورەسمی ڕۆحی دا جێکەوت وقبوڵکرا، هەرچەند ئەو سوننەتانە لەو وڵاتانەدا بەشێنەیی سەرلەنوێ بووژانەوە.

لەڕاستیدا، واژەی مۆدێرنێتە تەنیا لەوڵاتانێکدا بەپێشەنەی سوننەتی دووردرێژ مانایەکی بەهێز بەدەس دێنێ. بۆنموونە باس لەمۆدێرنێتە لەوڵاتێکی وەک ئەمریکا کەخاوەنی هیچ سوننەت وسەدەی ناوەڕاستێک نییە وەک شتێکی بێ مانا دێتە بەرزەین. بەپێچەوانە، مۆدێرنێتە ومۆدێرنسازی لەوڵاتانی دنیای سێیەمدا کەخاوەنی فەرهەنگ گەلێکی سوننەتی بەهێزن، خاوەن بارێکی مانایی بەهێزترە.

## سەدەکانی حەڤدەو هەژدە

لەماوەدای سەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا، بناغەکانی فەلسەفی وسیاسی مۆدێرنێتە دارێژران، ئەم بناغانە پێکهاتبوون لەئەندێشەی تاکگەرایانەو مۆدێرنی ئیرادەگەرایی، (کەنوێنەرەکانی دیکارت وفەلسەفەی رۆشنگەری بوو، دەوڵەتی پادشایی سەقامگیر) لەگەڵ هونەری بەڕێوەبردنی کەلەدوای سیستمی فئسودالی دامەزرا، بناغەرێژی زانستی فیزیک وسروشتی، کەبووبەهۆی سەرهەڵدانی یەکەمین شوێنەواری تەکنۆلۆژی. لەڕوانگەی فەرهەنگیەوە، لەم دەورەیەدا هونەرو زانست بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی ئاین هاتنەدەرێ. شەڕو کێشمەکێش لەنێوان کۆنخوازان ونوێخوازان (مۆدێرنەکان)دا بەدرێژایی ئەو دەورەیە درێژەی هەبوو: لەنووسینەکانی پرۆ وفونتنل-وە (سەبارەت بەکۆنەخوازان ونوێخوازان)لە ١٦٨٨دا کەیاسایەکیان بۆگەشەو هەڵدانی رۆحی ئینسانی دەردەهێنا، تارۆسۆ وئیستاندال(١٧٥٠)و (ڕاسین وشکسپیر، ١٨٩٣) کەمەکتەبی رۆمانسیسمی وەک مۆدێرنیزمێکی رادیکاڵ دەناساندو بابەتەکانی ئەوی دەخستەپاڵ ئادابی رۆژ ژمێرەو وەرگیراو لەمێژوی میللی. ئەم کێشمەکێشە پرئاوازە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیە کەلەدەرەوەی هەرچەشنە (ڕێنیسانسێک) یان چاولێکەرییەک لەئارادایە. بەگشت ئەمانەوە مۆدێرنێتە هێشتا نەبۆتە شێوەیەک لەژیان، بەڵام وەک ئایدیایەک خۆی دەرخستوە.

واژەی مۆدێرنێتە لەم دەورەیەدا لەحنێکی بورژوا-لیبراڵی بەخۆوەگرتوە کەبەدوای ئەوەشدا لەروانگەی ئایدۆلۆژیکیەوە، شوێنەواری هەردەمێنێ.

## شۆڕشی پیشەسازی وسەدەی بیست

شۆڕشی ١٧٨٩، دەوڵەتی مۆدێرن، سەقامگیر، دیموکراتیک وبورژواومیللەت، لەگەڵ نیزامی مەشروتەو ڕێکخراوی سیاسی وبوروکرتیکی ئەوی دامەزراند.

بەرەوپێشچوونی بەردەوامی زانست وهونەر، دابەشکردنی گونجاوی کاری پیشەسازی، بووبەهۆی سەرهەڵدانی لایەنێکی نوێ لەگۆڕانی بەردەوام ولەناوبردنی داب وفەرهەنگی سوننەتی لەگۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

بەشێوەی هاوئاهەنگ، دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کاریش بوبەهۆی سەرهەڵدانی درزێکی قوڵی سیاسی لەبواری خەباتی کۆمەڵایەتی ودژایەتیەک کەبەردەوام بەدرێژایی سەدەکانی نۆزدەوبیست ئیدامەی بوو.

لەگەڵ ئەم دوو لایەنە گرنگە، زۆر بوونی جەماوەر،گەورە بوونەوەی شارەکان وبەرین بوونەوەی غول ئاسای کەرەسەکانی پەیوەندی وئیتلاعاتی یەقینەن مۆدێرنێتەی وەک کردارێکی کۆمەڵایەتی وشێوەیەک لەژیان کەنەتەنیا لەگەڵ گۆڕان وداهێناندا، بەڵکو لەگەڵ دڵەراوکێی، نەبوونی

سەقامگیری، بزوتنی بەردەوام وزەینیەتی لەحاڵی گۆڕان، کێشمەکێش وقەیران دا پەیوەندیەکی نەپچڕاوی هەیە، هەروەها وەك دیاردە یان ئوستورەیەکی ئاڕمانی، وەدیارخست.

کۆمەڵایەتی تەقریبەن دەست لێنەدراو هێشتۆتەوە، لانی کەم دەبێ ئەوە قبوڵ کەین کەهەل ومەرجی ژیان لەنەسلێکەوە بۆنەسلێکی تر ئاڵ وگۆڕی بەسەردا هاتووە. ئەمڕۆ کەئەم شۆڕشە بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی قوڵ لەمۆدێرنێتەدا:



هیگڵ — شکسپیر — جان جاك رۆسۆ

لەم بوارەدا، مێژووی سەرهەڵدانی خودی واژەی (تئوفیلی گوتیە، بۆدلێر، دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠) جێی بایەخپێدانە، چۆن لەم سەردەمەدا کۆمەڵگای مۆدێرن باوەڕ بەبوونی خۆی دێنێ و وەك کۆمەڵگایەکی مۆدێرن سەبارەت بەخۆی بیردەکاتەوە. بەم چەشنە مۆدێرنێتە دەبێتە بایەخێکی بەرز، ئولگویەکی فەرهەنگی وچەشنێك خووخدەو ئەخلاقیات، ئوستورەیەکی مەرجەع کەلەهەموو جێیەك حازرەو دەتوانێ تاڕادەیەك پێکهاتە مێژوویی‌یەکان ودژایەتیەکانی پێکهێنەری بشارێتەوە.

## مەنتیقی مۆدێرنێتە

### چەمکی فەننی-زانستی

بەرین بوونەوەی بەرچاوی زانست وتەکنیك، بەتایبەتی لەسەد(١٠٠) ساڵی دوایی‌دا، گەشەوبەرین بوونەوەی غیرەدگەرایانەو نیزاممەندی کەرەسەی بەرهەمهێنان ومۆدیریەت وسازماندانی، سەردەمی مۆدێرنیتەی وەك سەردەمی پڕسەمەری بەرهەمهێنان ناساندوە: توندی شیدەتی کاری ئینسانی زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا، کەهەردووکیان هێزگەلێکی پاڵنەرو نموودارەکانی کارایی ولانی زۆری بەروبوومی بەرهەمهێنان دابەزیون. ئەمە پێناسەو ناسنامەی هاوبەشی گەلانی مۆدێرنە. بگرە ئەگەر ئەم (شۆڕشەی) هێزەپاڵنەرەکان، شێوەی ژیانیشی نەگۆڕیبێ، چۆن پەیوەندی بەرهەمهێنان وپەیوەندی

تێپەڕبوون لەتەمەدونی کاروبەرەو پێش چوونە بۆتەمەدونی مەسرەف وبەڵام، ئەم ئاڵوگۆڕە رادیکاڵە (ڕیشەیی) نییە، چونکە مەبەستی بەرهەم گەرایانەی کۆمەڵگا ناگۆڕێ. زەمان ناگۆڕێ. زەمان هەروا بەپێی کاتژمێر دابەشدەکرێ وزەرورەتەکانی ئایەندەگەرانە وکردەوە مەدارانە هەروا وەك تایبەتمەندییەکانی بناغەی ئەخلاقی مۆدێرنی کۆمەڵگای بەرهەمهێن دەمێننەوە.

### چەمکی سیاسی

پاککردەی دەوڵەتی سیاسی خۆی لەخۆی‌دا، تەنیا سەربەسەردەمی نوێیە، دەنا پاککردەی ژیانی تایبەتی تەنیا پەیوەندی بەعەسری نوێوەیە...لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ژیانی خەڵك وژیانی دەوڵەت یەکێکە: مرۆڤ ئەساسی ڕاستەقینەی دەوڵەت...لەسەردەمی نوێدا هەر ئەو دووگانەگیە پاککردەییە، کاردانەوەی دژایەتیەکی پاککردەییە(مارکس، نەقدی فەلسەفەی دەوڵەتی هێگڵ).

گۆڕانی پێکهاتە سیاسی، ئابووری، تەکنۆلۆژیك ودەروون ناسیەکان هۆگەلێکی مێژوویی عەینی مۆدێرنێتەن. ئەوانە لەخۆوە مۆدێرنێتە شکڵپێنادەن.

لەڕاستی‌دا مۆدێرنێتە وەك ڕەتکەرەوەی گشت گۆڕانە پێکهاتەییەکان، یان لانی کەم بەمانای رەت کەرەوەی لێکدانەوەی دووبارە, یان لەژێر ناوی سەبکی فەرهەنگی،



مارکس



دیکارت

جۆری بیرکردنەوە، شێوەی ژیان وکردەی ڕۆژانەدا دەکرێتەوە.

مۆدێرنێتە شۆڕشی تەکنۆلۆژیك وزانست نییە، بەڵکو یاری ودەستەویەخە بوونی ڕواڵەتی شۆڕش لەگۆڕەپانی شانۆی ژیانی تایبەتی وکۆمەڵایەتی، لەگۆشەنیگای هەر ڕۆژەی کەرەسەی پەیوەندی گشتی، دەستەواژەو کەرەسەی ژیان، ریفاهی ناومالْ وداگیرکردنی فەزا دایە. زانست وتەکنۆلۆژی لەخۆوە (مۆدێرن) نین, بەڵکو ئاسەواریان لەسەر دەوروبەر مۆدێرنە. هەرچەند مۆدێرنێتە لەسەر بناغەی سەرهەڵدانی مێژوویی زانست راوەستاوە، بەڵام، تەنیا لەئاستی ئوستورەیی زانستدا درێژە بەژیانی خۆی دەدات.

مۆدێرنێتە نەخێرەمەندی وشیاری تاکەو نەسەربەخۆیی ئەو، هەرچەند هەر ئەو وشیاریەیە کەپایەکانی ئەوی داڕشتوە.

مۆدێرنێتە یەك دیالکتیکی مێژوو نییە، بەڵکو نەفسی ڕووداوە، نیشاندەری بەردەوامی ساتەکانی ئێستا، جیهانی بوونی کورتەی ئەو هەواڵانەیە کەلەکەرەسەی ڕاگەیاندنە گشتیەکانەوە بڵاودەبێتەوە.

لیوفیور دەڵێ: مۆدێرنێتە سێبەری شۆڕشێکی شکستخواردوو، لاسایی کەرەوەیەکی لاوازوبێ ناوەڕۆکی ئەوە...ئەگەر ئەو لەنێوجیهاندا ئاوەژوو دابنێین ونەیەڵین لاقی بنێتە زەوی وبەپێوە ڕابوەستێ، ئەو کاتەیە کەئەرکی شۆڕش دەگرێتە ئەستۆو بەئاکامی دەگەیەنێ.

## ڕوونکردنەوە:

ئەم وتارە هەڵبژاردنی مقالەیەکی (ژان بودریار)ە لەکتێبی(لەگشتگی نشانەها) کۆکردنەوەی (مانی حقیقی)
چاپی دووەم ١٣٧٨
بابەتەکە(ترانە یلدا) کردویە بەفارسی